

# ڕەنج ساڵەیی:
# شیعر بۆ خۆشەویستی دەنووسم بەڵام خۆشەویستی ناکەم

ڕەنج تالیب حەمید کە بە (ڕەنج ساڵەیی) ناسراوە، ئەو گەنجە بەهرەمەند و چالاکەیە کە لەچەندین بواردا کار دەکات و لە هەر یەک لەو بوارانەشدا شوێن دەستی دیارەو لەم ماوەیەی ڕابردوودا ڕۆمانێکی بەناوی (بەر لە ئاوابوون دەرکەوە) بڵاو کردەوە، ئێمەش بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ڕەنج ساڵەیی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا سازکرد..

**دیمانە: ڕۆکان جاف**

*** ئەگەر باسێك لە نامیلکەی (هەناسەکەم) بکەیت؟**

– نامیلکەی (هەناسەکەم) یەکەمین بەرهەمم بوو لە ساڵی ٢٠٠٥ بەچاپم گەیاند، کە کۆمەڵێ شیعری خۆشەویستی یان ئەتوانم بڵێم شیعری هەرزەکارانەی لەخۆ گرتبوو، سەرەتا زۆرم بە دڵ بوو بەڵام دواتر پێموابوو شیعرەکان کرچ و کاڵن.

*** ئەکرێ بڵێین ڕەنج ساڵەیی عاشقە؟**

– بەڵێ عاشقی هەموو شتێکی جوانم و شیعر بۆ خۆشەویستیش دەنووسم بەڵام خۆشەویستی ناکەم.

*** جگە لەبواری شیعر یاخود ڕۆمان لەبواری شانۆشدا کار دەکەی ئەکرێت پێمان بڵێی بۆ ئەو بوارەت هەڵبژارد؟**

– بەڕاستی شانۆ دنیایەکی زۆرجوانە، دەتوانی هەموو ڕازو نیازەکانت لە ڕێی شانۆوە بەجەماوەر بڵێی، شانۆ دایکی هونەرە، سەرەتا تەنها خوولیایەکم هەبوو بۆ شانۆ بەڵام لەدواییدا تێکەڵاو بوو لەگەڵمدا.

*** لە خوێندندا لە چ قۆناغێکی و ئارەزووی چی دەکەی لە دوا ڕۆژدا پێی بگەی؟**

– ئێستا لە پێنجی زانستیم و هیوادارم لە دوارۆژدا ببمە ئەندازیار یاخود پزیشك.

*** لەم ماوەیەی پێشوودا دووەمین بەرهەمت بڵاو کردەوە کە ڕۆمانێك بوو بەناوی (بەر لەئاوا بوون دەرکەوە) گەر باسێك لەو ڕۆمانە بکەیت؟**

– (بەر لە ئاوابوون دەرکەوە) باس لەکێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات کە دواتر خۆشەویستییەکی زۆر قوڵی لێ دەکەوێتەوە، هەروەها کۆمەڵێ کێشەی دیکەی وەکو کێشەی سیاسی و مردن و ...هتد، حەز دەکەم هەر لێرەشدا زۆر سوپاسی (محەمەد سیامەندسووری) بکەم کە ئەرکی لەچاپدانی ئەو کتێبەی گرتە ئەسۆی خۆی.

*** کاتێك ڕەنج بەشەقامەکاندا ئەڕوات گفتوگۆ دەکات دەکرێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟**

– زۆرجار گفتوگۆ لەگەڵ خۆمدا ئەکەم یان لەگەڵ شەقامەکاندا لەگەڵ شیعرێکدا ئەڕۆم و بەدوای حەقیقەتدا ئەگەڕێم.

*** شیعر لای ڕەنج چی ئەگەیەنێ؟**

– شیعر لای من واتە ژیان، شیعر تێکەڵاوی خوێنم بووە هەرگیز ناتوانم بەبێ شیعر بژیم.

لەکۆتاییشدا زۆر سوپاستان ئەکەم و هیوای بەردەوامی بۆ گۆڤاری نەوە دەخوازم.